# کوردستان دوای هەلبژاردن ... کامەران شوان

کوردستان زۆر لە مێژە وە بەردەوام لە ژێر دەسەلاتی دوژمن بووە وە بی بەزەی یانە رەفتاری لەگەڵ کراوە واتا ئەوانەی کە لە کوردستان دەژیان ژێردەستەبوون. وە ئەمە ئەوە دەکەێنی کە کورد نەی توانیووە بەپێی پێویست بیر لە بەرێوەبردنی خودی خۆی بکاتەوە بەلام کورد توانی مانەوەی خۆی بپارێزی بە خەباتێکی دورودرێژ. خەباتی گەلی کورد تەنها بە شۆرشەوە پابەند نەبووە بەڵکوو تاکەکانی گەلی کورد قەد درێخییان نەکردووە بۆ پاراستنی مانەووەی کورد زمان. تاکەکانی کورد لە کاتی مەترسی بۆ سەرگەلەکەی موچورکەیەکی هەستی کوردایەتی وەك تەزوێك کارەبا لەشی دەهەژان هەندێکییان دەستی دەدایە دار و بەرد بۆ بەربەرەکانی وە هەندێکی تر نارەزایی خۆی بەلەبەرکردنی جل و بەرگی کوردی وە ئەوانی تر بەزوبان و گۆرانی و هۆنراوەی و خۆپیشاندان کوردایەتی خۆی دەردەخست. واتە کورد هەمیشە لەمانی خۆی وەك شێر لەمیدان لاری نەکردوە تا توانی ئالای گەلی کورد بەرز کاتەوە بەرامبەر بە دوژمنان.

ئستا وە لە داهاتوش نە دوژمن نە نەیارانی کورد ناتوانن تەنها بیرش لەوە بکەنەوە کە جارێکی تر رەفتاری جەنوساید بەرامبەر بە کورد بەکار بێنن چوونکە کورد توانی کۆمەڵگای نێو دەولەتی راکێشی بۆ لای خۆی وە بۆیان دەردەخات کە کورد خاوەن کولتور و ئایدلۆژیایەکی هاوچەرخن کە دەتوانن لە گەڵ گەلانی تر بتوانن جیهانێکی ئاسودە ببەن بەرێوەر زۆر باش تر لە دوژمنانی کوردکە خەریکی تێرۆر و کۆمەل کوشتن و خورەوشتی نا مرۆڤانەن.

دەنگدان لە کوردستان و عێراقی کاتی تەواو بوو کورد بە پێی هەموو ستاتیسکێك لیستی دوهەمە واتە کورد دەسەلاتێکی سیادەی عێراقی پیدەسپێرێت. جا پێرسیارەکە لێرە دەست پی دەکات ئایا کورد کە توانی لەناو کۆمەڵگای جیهانی خوَی بچەسپێنی وە رێز لە سەرکردەکانمان بگیرێ وەك سەرەك کۆمار پێشوازی لێبکرێت وە سەرەك زلهێزەکانی جیهان بلێن کە جارێکی تر پشت لە کورد ناکەین ئەو چەرخە رۆیشت کە کورد بچەوسێتەوە جارێکی تر. بەلام ئێمە لەمەودوا بیر زیاتر لە ناوخۆ بکەینەوە بۆ داهاتویەکی خۆشتر و ئاسودە تر کە بتوانین بیسەلمێنین کە خاوەن گەلێکین کە شایەستەی مافی چارەنوسین وە دەتوانین وڵات بەرین بەرێوە بە پێچەوانەی دوژمنەکانمان کە هەندێکیان بەشاخاویمان تێدەگەن وەهەندێکیان بە چەتەو پیاوکوژمان لەقەلەم دەدەن.

لەم ئەزمونەدا کورد سەرۆك هەرێمی هەیە لەکوردستان وە سەرەك کوماری هەیەلەعێراق وە پەرلەمانمان هەیە کە گەورترین دەسەڵاتە لە کوردستان.
کورد دەبی ژیلانە لەگەڵ ئەم ئەزمونە بجولێتەوە دەبی بە زوترین کات ئەو دوو ئیدارەیە یەك بگرنەوەو وە پەرلەمان بەزوترین کات رۆلی خۆی بنوێنی بۆ هەلوەشاندنی هەردوو ئیدارەکە وە بی بەخشی بە کەسێك کە لەسەری رێکەوتوون بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی تازە کە هەموو چین و توێژەکانی کورد تیایدا بتوانی خزمەتی گەلەکەی بکات با هەموو

بیرو بۆچوونێکی جیاواز جێگای ببێتەوەلەم حکومەتە، ئەو کاتە جەماوەر دەتوانی بریار بدا کە کی دەتوانی خزمەتیکی باشتر ببەخشی بۆ ئەو گەلە دڵسۆزەی کە هات بە دەنگی سەرکردەکانی بۆ دەنگدان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان واتە 7 3 0 ئەمە ئەوە دەگەێنی کە گەلی کورد هەمیشە دەیەوی سەرکردەکان بە هێز بن بەرامبەر بە دوژمن وە هەمیشە بۆ ئامانجەکانی گەلی کورد شێرانە هەڵپە بەرنە سەر نایارانی کورد و کوردستان وە هەمیشە سەرکردەکان بزانن کە جەماوەری گەلی کوردپشت گیریان لی دەکات وە هە میشە گەلی کورد وە پێشمەرگەی رێگای رزگاری کوردستان لە خەبات سڵ نا کات چونکە هە زاران شەهیدی بەخت کردووە بۆ گەلەکەی وە هەروەها گەلی کوردیش بەسەدان هەزار رۆلەی بەخت کردووە تەنها لە بەر ئەوەی کە وازییان لە شوناس نامەی کوردی خۆیان نەهێنابوو.

دەسەلاتی کورد دەبی لەمەودوا زیاتر بە دەنگ جەماوەرەوە بێت نەك بە پەنای تاکە کەسەکان کە هە میشە ئەوان موستەفیدن بۆ بەرژەوەندی خۆیان وە ئەوانە دەبنە ئەوەی کە جەماوەر دڵگران بن لە دەسەلات وە تاکە کەسەکانیش لەگەندەڵی و دزی بەر دەوام بن. حکومەتی هەرێم ئێستا زۆر ئیهتمام بە راگەیاندن دەدات وە رێز لە نوسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندان و سیاسەت مەداران دەگیرێت بەڵام بەراستی ئەو تاکە کەسانە استغلالی ئەو رێزگرتنەیان گرتووە وە لە شیراتۆن و هوتێلە گرانەکان چەند مانگ دەمێننەوە وە دەرامەتێکی زۆرییان بۆ سەرفدەکرێت ئە گەر ئەو تاکە کەسانە دڵسۆزانە بیر بکەنەوە ئەتوانرێت ئەو دەرامەتە لە شۆێنبکی تر سەرف بکرێت کە جەماوەر ئیستفادەی لێ بکردایە نەك تاکە کەس.

دەسەلات لە مەو دوا دەبی هەموو کارەکانی بۆ جەماوەر بی وە دەبی دەسەلات بە تەنگ دەنگی جەماوەرەوە بێت چوونکە دەسەلات بە جەماوەرەوە سەربەرزە و بەهێزە. راستە ئێستا پرۆژەیەکی زۆر ئەنجام دەدری لە کوردستان بەڵام هێشتا جەمەوەر دورە لە دەسەڵات چوونکە دەسەڵات تا ئێستا نەی توانیوە نزیك بێتەوە لە جەماوەر هیوادارم کە نووسەر و رۆشنبیر بتوانی ئەو بۆشاییەی کە لە بەینی دەسەڵات و جەماوەر هەیە پر بکاتەوە. وە کاربکات بۆ گەباندنی گلەیی و رەخنەو گازندەی جەماوەر بۆ دەسەڵات وە ئەوکارانەی کە دەسەلات دەیکا بۆ جەماوەر شیکرێتەوە. ئەو کاتە نوسەرو رۆشنبیر دەتوانی خزمەت بە گەلەکەی بگەێنی وە جەماوەر لێی رازی بی.

کامەران شوان... رۆژی_کورد